# رۆمانی "پاسکیلی کورد" دەکرێتە کوردی

## رۆمانەکە روانینی مامۆستایەکی ئەمریکییە لەبارەی کوردستانەوە




**ئا: ئەدەب و کولتوور**

"پاسکیلی کورد" رۆمانێکە لە نووسینی ئەلیسا لایتبوورن، کە ژنە نووسەرێکی ئەمریکییە و چیمەن ساڵح لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردیی وەریگێڕاوە.

چیمەن ساڵح بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند، ئەلیسا لایتبوورن کە پرۆفیسۆری زمانی ئینگلیزییە، وەک مامۆستا لە شەش وڵات کاری کردووە، یەکێک لەوانەش باشووری کوردستان بووە. لە ماوەی مانەوەی لە کوردستان بۆ ماوەی شەش مانگ، لە چەند روویەکەوە باسی کوردستانی کردووە، لەوانە کولتوور، سیستەمی پەروەردە، مێژوو و ژیانی خەڵک و چەندین بواری دیکە.

وەرگێڕی رۆمانەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بۆ وەرگێڕانی رۆمانەکە رەزامەندیی نووسەرەکەی وەرگیراوە. ناوەڕۆکی ئەم رۆمانە باس لە رەهەندی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەژاری، دابونەریت و چەند رەهەندێکی دیکە دەکات و تیشک دەخاتە سەر سادەیی مرۆڤ و بەتایبەتی ژنان لە کوردستان.

رۆمانەکە لە 408 لاپەڕەی قەبارە ناوەند لەلایەن وەرگێڕەوە چاپکراوە و بڕیارە لەم هەفتەیەدا بڵاوبکرێتەوە.

# کتێبێک لەبارەی گێڕانەوەناسی

**ئا: ئەدەب و کولتوور**




د. حەمە مەنتک، کتێبی (سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە- هەقایەتی ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی بە نموونە) بەچاپ دەگەیەنێ.

نووسەری ئەم کتێبە بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "لە بنەڕەتدا ئەم کتێبەم تێزی دکتۆراکەمە، ئیشکردنە لەناو گێڕانەوەناسیدا. ئاراستەی سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە ئاراستەیەکی نوێی توێژینەوەیە لە دەقی گێڕانەوەیی. من هەوڵمداوە توێژینەوە لە کەرەسەیەکی کۆنی وەکوو هەقایەتدا بە مێتۆدێکی نوێ بکەم. هاوکات ئەوەیشم سەلماندووە، کە توخم و رەگەزەکانی رۆمان چۆن لە هەقایەتەوە هاتوون و رەوتی گەشەسەندنیان چۆن بووە".

د.حەمە مەنتک زیاتر لەبارەی ئەم بەرهەمەی گوتی: "بە کۆمەکی ئاراستەی سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە گوتاری دەقی هەقایەتم راڤە کردووە، هەموو ئەو بار و گۆڕانکاریانەی بوونەتەوە بەرهەمهێنانی واتا توێژینەوەم لەبارەوە کردوون. ئەوەی لای من گرینگ بووە لەم توێژینەوەیەدا، پرسیاری ئەم دەقە چی دەڵێت و کێ دەیڵێت؟ گرینگ نەبووە، بەڵکوو پرسیاری ئەم دەقە چۆن دەیڵێت؟ بووە. واتە چۆنیەتی گێڕانەوە".

ئەم کتێبە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە لەم ساڵەدا چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

# لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ئایین و گرووپە ئیتنییەکانی کوردستان




**ئا: ئەدەب و کولتوور**

سمکۆ محەممەد، نووسەر و لێکۆڵەر، نوێترین کتێبی بەناوی "گوناح و ئیمان" کە توێژینەوەیەکە لەبارەی گرووپە ئیتنییەکانی کوردستان، چاپ و بڵاوکردەوە.

سمکۆ محەممەد بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "گوناح و ئیمان" لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە کە لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی ئایین و گرووپە ئیتنییەکانی کوردستان. گوتیشی: "کتێبەکە بریتییە لە خوێندنەوەی هەمەلایەنە و مەیدانی بۆ ئایین و ئایینزاکانی کوردستان، وەکو ئێزدی، کاکەیی، سابیئەی مەندائی، ئەرمەنی، هەقە و قەرەج". ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ماوەی زیاتر لە 17 ساڵ کاری بۆ لێکۆڵینەوەکە کردووە و دواجار توانی ئامادەی بکات و بە چاپی بگەیێنێت.

سمکۆ محەممەد، نووسەر، شاعیر، لێکۆڵەر و رۆژنامەڤان، خاوەنی چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەیە و چەندین وتاریشی لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوکردووەتەوە.

# وەرگێڕێکی کورد ئاواتی رۆماننووسێکی عێراقی دێنێتەدی

**ئا: ئەدەب و کولتوور**




رۆمانی "سێبەرەکانی جەستە، کەنارەکانی حەز" کە لە نووسینی سەعد محەممەد رەحیم، رۆماننووسی عێراقییە، سەباح ئیسماعیل لە عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی وەریگێڕاوە و لە چەند رۆژی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە.

سەباح ئیسماعیل، بە (ئەدەب و کولتوور رووداو)ی راگەیاند: "لە رۆمانەکەدا، چەشنی رۆمانێکی ئەزموونگەر و پۆست رۆمان، نووسەر لە گەرمەی جەنگی بەردەوام و تەقینەوە و تیرۆردا باس لە خۆشەویستییەکی جیاواز دەکات. خۆشەویستییەک هەندێکجار گومان لە بوونی دەکەیت، لەبیردەچێتەوە و ماوەیەک مەنگ دەبێت، کەچی لەپڕ دەشڵەقێت و بەگوڕتر سەرهەڵدەداتەوە".

گوتیشی: "بە درێژایی رۆمانەکە کاراکتەری سەرەکی هەڵوەدای نهێنییەکانی ئەو کچەیە کە رۆژێک خۆشیدەوێت و دەیان رۆژ خۆی لێ ون دەکات".

رۆمانەکە لەسەر پێشنیازی نووسەرەکەی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە، رۆژێک پێش مەرگی جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە زۆری پێ خۆشدەبێت رۆمانەکەی بکرێتە کوردی.

رۆمانی "سێبەرەکانی جەستە، کەنارەکانی حەز" لە 397 لاپەڕەی قەبارە مامناوەندا، لەلایەن دەزگای سەردەم چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

سەعد محەممەد رەحیم، ساڵی 1957 هاتووەتە دنیاوە. لە کاتی خۆئامادەکرن بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا لەڕێگەی فرۆکەخانەی سلێمانییەوە، باری تەندروستیی تێکدەچێت و دووچاری جەڵتەی دڵ دەبێت. رۆژی 9ی نیسانی 2018 لە نەخۆشخانەی بووژانەوەی دڵ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

نامە ئەکادیمییەکان

# پێگەی رێبازی رۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا



◄ هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

ئەمە نامەیەکی دکتۆرای (هەڤاڵ ئەبوبەکر)ە، بە سەرپەرشتی (پ.د. دڵشاد عەلی) ساڵی (2010) پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و لە پێنج بەش پێکهاتووە. ئامانجی نامەکە بریتییە لە دیاریکردنی پێگەی رۆمانتیکی کوردی لەناو ئەدەبی جیهانیدا، هاوکات پرسی کاریگەریی ئەم ئەدەبەی لە گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی، بەپێچەوانەشەوە کاریگەری ئازادیی تاکەکەس و رۆژنامەگەریی کوردی لەم رێبازەدا خستووەتەڕوو. هاوکات پرسی گواستنەوەی کاریگەریی ئەدەبی کوردی لە عەرەبی و فارسییەوە بۆ تورکی و ئەورووپی باس کردووە. خاڵێکی دیکە لە نامەکەدا ئاوڕدانەوەیە لە میراتی رۆژنامەگەریی کوردی لەنێوان ساڵانی 1898 بۆ 1970 کە توێژەر کردوویەتیە کەرەسەی لێکۆڵینەوەکەی.

زاراوەی رۆمانتیک بۆ نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە، هەندێکیش بۆ زۆر پێشتر دەیگێڕنەوە. شلیگلی ئەڵمانی یەکەم کەسە لە 1797 زاراوەکەی هێناوەتە ناو ئەدەبەوە و دژایەتی کلاسیکی پێکردووە و هاوواتای لەگەڵ هاوچەرخێتی پێداوە، پێشیوایە هەموو کارێکی داهێنەرانە رۆمانتیکیانەیە. سەبارەت بە بنەمای فەلسەفیی رۆمانتیک، بۆچوونی جیاواز هەیە کە رۆسۆ یان کانتە. پێناسەی رۆمانتیکی بە کارێکی دژوار بینراوە، چونکە زۆر شت دەگرێتەوە کە وایان کردووە واتای خۆی ونبێت. پۆل ڤالێری دەڵێ، ئەو کەسە عەقڵی لەدەستداوە کە بیەوێت پێناسەی رۆمانتیک بکات. لەگەڵ ئەوەش لە سەرچاوەکاندا پێناسەی جیاواز کراوە: مرۆڤێکی خەوبین کە مەزاجێکی شیعریانەی هەبێت، تەنیاییپەرستی، گۆشەگیری، سۆزێکی گڕگرتوو، شڵەژانی دەروونی، تاکەکەسێتی و خودێتی. رۆمانتیکی خەیاڵی بینینی رەها لەرێی شتە رێژەییەکانەوە دەکات، دەیەوێت لەنێوان وەهم و راستەقینەدا گونجانێک دروستبکات. دواتر باسی رێبازی رۆمانتیکی و قوتابخانەکانی ئەڵمانی، فەرەنسی و ئینگلیزی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دەکات، کە لێرەدا ئاوڕ لە رۆمانتیک لەناو مێژوودا بە ئێستاشەوە دەداتەوە.

بەشی دووەم، باسی رۆمانتیک لە ئەدەبی خۆرهەڵاتدا دەکات، کە شیعری لیریکی، فۆلکلۆر، سروتی ئاینی و لاواندنەوە و هتد وەک زەمینە و پێشینەی رۆمانتیک لە ئەدەبی خۆرهەڵاتدا هەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا رۆمانتیکی عەرەبی زادەی لایەنی خودی و بابەتی ئەدەبی خۆرئاوایە. عەرەب بۆ دابڕان لە بەرهەمی پێشینە کە شیعری لیریکی بووە، ناوی کلاسیکی لێناوە تا مەودا لەگەڵ ئەدەبی تازەدا دابنێت، بەڵام رۆمانتیک بە جەستەی ئەدەبی عەرەبی نامۆ نەبووە. هاتنی ناپلیۆن بۆ ناوچەکە و داگیرکردنی میسر سەرەتای هاتنی بیری نوێ و بەیەکگەیشتنی هەردوو شارستانیەت بوو. لە ئەدەبی عەرەبیدا (خلیل مەتران و ئەمین رەیحانی) بە رابەری بەرایی رۆمانتیکی عەرەبی دەزانرێن. توێژەر نۆ قۆناغی ئەدەبی رۆمانتیکی عەرەبی دیاری دەکات. دواتر باسی رۆمانتیک لە ئەدەبی تورکی بە سێ قۆناغی پێش ئیسلام، دوای ئیسلام و کاریگەریی ئەدەبی ئەورووپی لەسەر ئەدەبی تورکیی نوێ دەکات. لە ئەدەبی فارسیشدا رۆمانتیک لە قۆناغەکانی پێش ئیسلام و دوای ئیسلام و سەردەمی زێڕین باس دەکات و ئاماژە بە 10 سەردەمی جیاواز دەکات و پێیوایە رۆحی رۆمانتیک لە هەموو قۆناغەکاندا هەیە، هەر لێرەدا ئاماژە بەو شۆڕشە جیاوازانە لەنێوان چەپ و ئیسلامدا پەیوەست بە ئەدەبی رۆمانتیکی دەدات.

بەشی سێیەم، باسی بنەماکانی ئەدەبی رۆمانتیکی لە ناوەڕۆک و شێوازدا دەکات. لە ناوەڕۆکدا باسی کەسێتی، سۆز، هەست، خەیاڵ، خەون، سیاسەت، تاک و کۆمەڵ، ئاین، سروشت و خۆشەویستی رۆمانتیکی دەکات. لە شێوازیشدا ئاماژە بە زمان، کێش و سەروا و وێنەی شیعری لە رۆمانتیکدا دەکات. دواتر باسی چەشنە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی رۆمانتیکیدا لە شیعر، شیعری لیریکی، شانۆ، چیرۆک و رۆمان و هتد دەکات، لە هەمووشیاندا جەخت لەسەر سۆزێکی چڕ، خەیاڵ و دەربڕینی ناوەوەی مرۆڤ دەکات. دواتر باسی جۆرەکانی رۆمانتیک بەپێی تێڕوانینە جیاوازەکان دەکات، بۆ نموونە بەلزاک (رۆمانتیکی راستەقینە) کە بەرهەمی تاقیکردنەوەی هەست و سۆز و خەیاڵی نووسەرە (رۆمانتیکی درۆزنانە) کە بەرهەمی هەڵبەستراو و ناراستەقینەی نووسەرە، جیادەکاتەوە. رووسەکانیش لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجیی چەپگەرانە رۆمانتیکی کۆنەپەرستانە و شۆڕشگێڕانە جیادەکەنەوە. ئایزیا بەرلینیش (رۆمانتیکی میانڕەوانە) کە پابەندی ئەخلاق و زانستە و (رۆمانتیکی توندڕەوانە) لێک جیادەکاتەوە. لە کۆتاییشدا باسی رۆمانتیکی سادە، رەش و ناخۆش، گەشبینانە و رەشبینانە دەکات.

بەشی چوارەم، هەنگاوهەڵگرتنە بۆ ناو ناوەڕۆکی نامەکە و باسی زەمینەی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا دەکات. زاراوەی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا تازەیە و تەنانەت دەشکەوێتە پاش قۆناغی شیعری رۆمانتیکیی کوردی. توێژەر بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە زاراوەکە دەبەنەوە سەر (تەجدید)، دەیباتەوە سەر (وەحشەت) کە لە 1909 دا سەعیدی کوردی بەکاریهێناوە. بۆ دیاریکردنی ریشەی زاراوە و تێگەیشتن لە رۆمانتیکی کوردی، توێژەر گەشتێکی ورد بەناو سەرەتاکانی رۆژنامەگەریی کوردیدا دەکات و دواتریش باسی پێشینەی شیعری رۆمانتیکی لە شیعری لیریکدا دەکات کە مێژووی شیعری کوردی پڕە لەم جۆرە شیعرە. بۆیە بۆچوونی شاعیرانی کورد دەهێنێتەوە کە جیاکردنەوەی رۆمانتیک و کلاسیک گرانە و ناکرێت بەرهەمی شاعیرانی بەناو کلاسیک لە بنەماکانی رۆمانتیک دەربکەین، چونکە جگە لەلایەنی خودی و سۆزداری، شیعرە سۆفیگەری و ئاینییەکانیش پێگەیەکی بەهێزی رۆمانتیک داگیر دەکەن کە بەشی زۆری شیعری کلاسیک دەگرێتەوە، هاوکات ناشکرێت تەنیا بەکارهێنانی کێشی عەرووزی عەرەبی بکرێتە بنەمای کلاسیک. بۆیە دەکرێت بەشێک لە بەرهەمی شاعیرانی وەک بێسارانی، مەولەوی، نالی، سالم و حاجی قادر و هتد بە بەرهەمی رۆمانتیکی پێش قۆناغی رۆمانتیک بزانین. پاشان باسی زەمینەی سەرهەڵدانی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا دەکات و هۆکارەکانی (جوگرافی، کۆمەڵایەتی، کولتووری..) دەخاتەڕوو.

توێژەر باسی کاریگەری سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری و هاتنی ژانری نوێ بۆ ناو ئەدەبی کوردی دەکات کە بەرهەمەکان تەرزی رۆمانتیکییانەیان هەبووە، وەک چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب. هەروەها لەم قۆناغەدا گەڕانەوە و هەنگاونان بۆ زمانی نەتەوەیی، کێشی خۆماڵی، بەرهەمی فۆلکلۆر و وەرگێڕان، پەروەردە و فێرکردنی هاوچەرخ، هۆکاری سیاسی و دامەزراندنی رێکخراوەکان و هتد زەمینەی سازبوونی رۆمانتیکی کوردی بوون.

لە بەشی پێنجەمدا جەخت لە بنەماکانی رۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا دەکاتەوە کە بیری ناوەوە و خود دەکەنە بابەت؛ ئەم دوو بنەمایەش فۆرم و ناوەڕۆکن. لەڕووی فۆرمەوە کە قاڵبێکە و مادەکەی تێدا دادەنرێت، لایەنی وشەسازی و فرێز و رستە، زمان و دیالێکت، کێش و سەروا و هتد دەگرێتەوە. شیعر ئامرازی گوزارشتکردنە لە دەروون، لە شیعری نوێدا وێنەی قاڵبی دراماتیکی هەیە، زیاتریش کێشی خۆماڵی، گەڕانەوە بۆ فۆلکلۆر سوودی لێوەرگیراوە. توێژەر بەپێچەوانەی بۆچوونی شاعیر و نووسەرانی کورد پێیوایە سەرەتا گۆڕانکاری لە ناوەڕۆک نەک فۆرمی دەقدا کراوە. پیرەمێرد پێیوایە گۆرانی شاعیر بۆ ئەدەبی رۆمانتیکی کوردی خوڵقاوە، پیرەمێرد خۆشی وەک مونەزیری رۆمانتیکی کوردی وایە. لە رووی ناوەڕۆکیشەوە کە بریتیە لە هەموو ئەو دەلالەت، بیر و هەست، ئەندێشە و واتا، هەڵوێست و بنەمای مەعنەوی و وێنەی هونەری و شیعریانە کە فۆرمێک هەڵیگرتوون یان پێکیهێناون. توێژەر لە خستنەڕووی بۆچوونی شاعیر و نووسەراندا کە پێیانوایە لە رۆمانتیکدا پیاهەڵنەدانی میر و فەرمانڕەواکان، باسنەکردنی مەی و شیعری بەدئەخلاقی، وەسفنەکردنی ئافرەت بە فریشتە و جوانیی چاو و خەت و خاڵی و هتد هەیە، رای وایە نووسەران هەڵەن، لە رۆمانتیکدا هەموو ئەمانە هەن، بەڵام یان ئەوەتا ئاشنای ئەدەبی رۆمانتیکی ئەورووپی نەبوون، یان ویستوویانە بەناوی رۆمانتیکەوە زەمینە بۆ ئەدەبێکی ریالیزمانەی سۆشیالیستیانە خۆشبکەن. لای نووسەران ناوەڕۆکی رۆمانتیک جگە لەوەی ئەدەبێکی ناوەکیە و بایەخ بە ئاشکراکردن و خستنەڕووی شتە شاراوەکانی دەروون و سروشت دەدا، هاوکات خەمە کۆمەڵایەتیەکانیش ئاوێزان دەکات. لای رۆمانتیکەکان ویژدانێکی زیندوو، گەڕانەوە بۆ مێژووی نەتەوە، سوککردنی باری گرانی سەرشانی مرۆڤایەتی، بیرکردنەوە لە نیشتمان و خۆشویستنی، ئاخاوتن بە زمانی نەتەوە و دوورکەوتنەوە لە نووسین بە زمانی بێگانە، هاوکات چوونە ناو رۆح و بزواندن، گەڕانەوە بۆ سروشت، باسکردنی چینی هەژار و ژێردەستە، سادەیی لە دەربڕیندا و خەوبینین بە ژیانێکی دیکەوە هەیە. توێژەر دواتر نموونەی شاعیرانی کورد بەپێی ئەو تێگەیشتنە ستانداردەی بۆ رۆمانتیکی ئەورووپی هەیە، دەهێنێتەوە. لە باری ئەزموونی خودییەوە شیعری شێخ نووری دەهێنێتەوە:

خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵ بریندارانی شەو
نەک خودا نەکەردە گیرابێ، دوعای ناڵانی شەو...
(نووری) لەم پێچ و خەمی زولفە نەجاتت زەحمەتە
لای سەخی تەبعەن مەحاڵە، روخسەتی میوانی شەو

بەستنەوەی خود بە شەو، رەشبینی و دڵتەنگی سیمایەکی دیاری رۆمانتیکە یان خود و ناکامی:

لە تەنیایی شەوی ژینا، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە!
نییە دەستێ، دەرمبێنێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە...

یان گەڕانەوە بۆ فۆلکلۆر، ئەدەبی میللی و گۆرانی خەسڵەتێکی دیاری ئەم ئەدەبەیە، پیرەمێرد دەنووسێ:

کە خۆت خودبین و بۆ خەڵک بەدبین بی
نابێ لەدوایی رۆژت ئەمین بی

هەروەها لەم ئەدەبەدا پەراوێزخراو و هەژارەکان دێنە پێشەوە:

ئێوارەیە وا! دەرکەوە سا جوانە کچی دێ
ئەی وێردی قسە و بەستەیی گشت کوڕگەلی سەر رێ

لەلایەکی دیکەوە شاعیرانی قۆناغی رۆمانتیکیی کورد، شیعریان بۆ: هەست، خەیاڵ، خەون، خەم، خەم و بەهار و پاییز، خەم و نەتەوە، نیشتمانپەروەری، ئازادی، مەرگ، نەورۆز و شەهید نووسیوە یان زاراوە و کەرەسەی ئاینییان بەکارهێناوە و تێڕوانینێکی جیاوازیان بۆ ئافرەت هەبووە، سروشت و سروشتی کوردستان بەهەمووە رەهەندە جیاوازەکانیەوە دێتە ناو شیعرەکانیان. دواتر توێژەر باسی رۆمانتیک لەسەردەمی ئێستا و نموونەی شاعیرانی وەک شێرکۆ بێکەس، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، حەسیب قەرەداغی و دڵسۆز حەمە و هتد دەهێنێتەوە. لە کۆتاییشدا ئەنجامی نامەکە دەخاتەڕوو کە خۆی لە پەیوەندی رۆمانتیک بە شۆڕش، بۆ کوردیش خەمی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، نزیکیی رۆمانتیکی کوردی لە قوتابخانەی سیاسەتگەری ئەڵمانی و نەتەوەگەری ئەمریکایی دەبینێتەوە. سەبارەت بە ئافرەتیش سەرەتا تێڕوانینێکی هەڵە هەبووە، بەڵام دواتر بایەخدان بە ژن تا ئاستی پەرستن رۆشتووە. رۆمانتیکی کوردی کەمتر ژانری شیعری تێپەڕاندووە. هەروەها ریفۆرمیستەکانی کورد شاعیرەکان بوون، شیعریش زمانی گوزارشتکردن لە خود و نەتەوەو نیشتمان بووە. قۆناغی رۆمانتیکی کوردی بە ماوەی هەردوو جەنگی جیهانی دادەنرێت بەڵکو تا ئیستاش ئامادەیی دیاری هەیە. رۆمانتیکی ئەورووپی زیاتر بە گرووپ کاریان کردووە، بەڵام لە رۆمانتیکی کوردیدا ئەم دیاردەیە نابینرێت. ئەمانە بەشێک لە ئەنجامی نامەکە بوون کە توێژەر خستوونیەتەڕوو.

# لە کۆنسێپتی وێنەدا

◄ بەکر عەلی



وێنە چییە و دەیەوێت چیمان پێ بڵێت؟ ئێمە دەمانەوێت لە وێنەدا چ مانایەکی ئیستاتیکی بەدەست بهێنین؟ بۆچی وێنە دەگرین یان دەکێشین؟

لەم کورتە باسەدا رەنگە ئەم سێ پرسیارە بەس بن کە بتوانین شوێن وەڵامدانەوەیان بکەوین تا لە دیدێکی فەلسەفی و ئیستاتیکییەوە مانادۆزییەکی وێنە بکەین.

وێنە جگە لە برینی پارچەیەک یان بڕگەیەک لە کۆی دیمەنێک هیچی تر نییە، ئەو برینەش بە مەبەستی بینین و تەماشاکردن و پاراستنی بۆ زەمانێکی درێژتر. لێرەوەیە بەر لەوەی وێنە هەبێت سەرەتا دەبێت دیمەن هەبێت و ئێمە نیگای بکەین. دیمەن بریتییە لە کۆی تابلۆکە، لە کۆی جوولانەوەکە، لە کۆی مێژووەکە، بەڵام وێنە بریتییە لە برینی پارچەیەکی تابلۆکە و خستنە ناو وێنەیەکەوە، بۆ نموونە ئێمە کاتێک بەکامێرایەک وێنەی منداڵێک دەگرین، یان وەکو تابلۆیەک وێنەی منداڵێک دەکێشین کە پایسکیلێک لێدەخوڕێت، یان بەلەمێک بەناو ئاودا دەڕوات، ئەم وێنەگرتنە/ کێشانە رێک بریتییە لە برینی ئەو بڕگەیەی دیمەنەکە و گرتنی و کێشانی و خستنە ناو چوارچێوەیەکی فۆتۆگرافییەوە یان نیگارکێشانەوە. وێنە بەم پێیە بریتییە لە گرتنی جووڵەی فیزیکیانەی شتێک و وەستاندنی ئەو جووڵەیە لەناو فۆتۆیەکدا یان تابلۆیەکدا. بەم پێیە وێنە بریتییە لە چوارچێوەکردنی بڕگەیەکی دیمەنەکە، وەک سۆسیۆلۆگ گیۆرگ زیمیل دەڵێت: لەکوێ وێنە هەبوو، چوارچێوە لەوێ دەبێت.

دیارە چوارچێوە بریتییە لە سنووردارکردنی وێنەکە و لەهەمانکاتدا بریتیشە لە پاراستن و جیاکردنەوەی وێنەکە لە دیمەنەکانی تر. بۆ نموونە، ئێمە زۆرجار وێنەی گوڵێک دەبینین بەگەورەیی گیراوە یان کێشراوە، ئەگەرچی ئەو گوڵە لەناو کێڵگەیەکی گەورەتردایە یان لەناو باخێکی گەورەتردایە لەنێو گوڵەکانی تردا، مانای ئەم جیاکردنەوەیە لەخۆیدا رەهەندە وجودییەکەشمان بۆ دەخاتە روو، ئەوەی پێی دەگوترێت لەناو ـ جیهاندا ـ بوون، بریتییە لەو دۆخە ناوازە و هەڵاوێردەی کە ئەو شتەی تێدایە، وەک چۆن هەندێکجار وێنەی کەسێکی رێبوار دەگرین یان دەکێشین لەکاتێکدا ئەو کەسە لەنێو ئاپۆڕەیەکی قەرەباڵغیشدا رێ دەکات یان دانیشتووە. بەنموونە وێنەگرتن و کێشانی کەسێک لە چاپخانەیەکدا، دەیەوێت بوونی ئەو کەسە وەکو تاکێک لەنێو جیهاندا بنوێنێت. وێنە دەتوانێت نیگارەکانی ئەو کەسە، نیگاکانی و شێوەی دانیشتن یان رۆیشتن یان نانخواردنی ئەو کەسە وەکو ستایلێکی تاکگەرایی بنوێنێتەوە. لێرەوە وێنە زۆرجار لە شیعر بەتواناترە بۆ دەرخستنی دۆخە وجودییەکانی تاکگەرایی. ئەوەی وێنەیەک دەتوانێت بەسادەیی مانا قووڵەکانی شێوازی لەنێو ـ جیهاندا ـ بوونی مرۆیی بخاتە روو، نە فەلسەفە، نە شیعر پێی ناکرێت.

**هیچ سەردەمێک وەک ئەم رۆژگارە بایەخی وێنەی بەرز رانەگرتووە. وێنە لەمڕۆدا بووەتە بەشێکی گرنگی جیهانیژیانی میدیاییانەی هەموو تاکێک**

### وێنە و ئاوێنە..

وێنە بریتییە لە وێناندنی دیمەنێکی ریالی یان خەیاڵی و نواندنەوەی لەسەر رووبەرێکی ماتەریالی. وێناندن لێرەدا بریتییە لە نواندنەوە یان پێچەوانەکردنەوەی سوبیەکتەکە لەناو چێوەیەکی دیاریکراودا.

ئاوێنە وەکو رووبەرێکی ماتەریالی وێنەی سوبیەکتەکان دەنوێنێتەوە، سوبیەکت وەکو وێنەیەکی رووت لەناو ئاوێنەکەدا دەرناکەوێتەوە، بەڵکو ئێمە لە لاکانەوە فێری ئەوە بووین کە ئاوێنەکە یەکەمین رووبەرە لە منداڵیماندا بۆ یەکەمینجار تەواوی وێنەی خۆمانی تێدا دەبینین، بۆیە قۆناغی ئاوێنە بریتییە لە قۆناغی دەرککردن بە کۆی تەنی خود وەک سوبیەکتێکی یەکانگیر. وێنە ئەگەر وێناندنی سوبیەکتێک بێت، ئەوا ئاوێنە میدیۆمی نواندنەوەی سوبیەکتەکەیە، بۆیە لەکوێ ویستمان لە نواندنەوەی وێنە تێبگەین، دەبێت لە ئامرازی ئاوێنە تێبگەین. مرۆڤی کۆن ئاوێنەی شک نەبردووە بەو جۆرەی مرۆڤی هۆمۆ ساپینسی ئەمڕۆ هەیەتی، ئەوان وێنەی پادشاکان و ئاژەڵە خورافییەکانیان لەسەر قەدپاڵی چیاکان و لەسەر تابلۆ گڵینەکان و بەردینەکان هەڵکۆڵیوە، ئەو شوێنانە وەکو رووبەری بەرجەستەکردنی وێنەکانی نێو ئەندێشەی مرۆڤی ئەوسا بوونەتە میدیۆمێک بۆ نواندنەوەی ئەو فیگورانە، بۆیە لەڕووی وەزیفەوە ئەو هەڵکۆڵراوە گڵین و بەردینانە رۆڵی ئاوێنە دەبینن، بەجیاوازی ئەوەی ئاوێنەی ئەوسا خودی سوبیەکتە وێنەکێشەکە وێنا ناکاتەوە وەک ئاوێنەی ئەمڕۆ. ئاوێنە لەمڕۆدا رووبەرێکە بۆ تێڕوانین و بینینی خودی خۆت، میدیۆمێکە لەرێی بەرجەستەکردنەوەی وێنەکەی خۆمان زۆرجار مەیلێکی نارسیزمانەمان تێدا دەوروژێنێ و سەرسامی خۆمان دەکات. ئاوێنە رووبەری دەرککردنە بە خود کاتێک وێنەی خۆمی تێدا دەبینمەوە.

### وێنە و بینین



هەموو کاری نووسینێک هەر لە سەرەتای مێژووەوە لەسەر دوو خەسڵەت دروست بووە: چەمک و وێنە. ئەگەر وێنە بریتی بێت لە بڕگەیەکی جیهان لەناو چێوەیەکی بچووکتردا، ئەوا چەمک بریتییە لە بەزمانکردنی وێنە. نووسین هیچ کاتێک بریتی نییە لە

# حەوت وێستگەی خوێندنەوە و مەرگی حەقیقەت

## تێڕامانێکی ئەدەبی- فەلسەفی



عادل قادری



### 1 – خوێندنەوە وەکوو "ئاو"

خوێندنەوەی هەر دەقێک پێش هەر شت سەفەرێکی نادیارە، سەفەر بەو واتایەی کە هەڵگری تایبەتمەندیی جووڵە و بزاوتن و بزۆزیی بە ئاڕاستەی فامی وجوودە، یان بە دەربڕینێکی میتافۆریک، خوێندنەوە پێویستی بە "ئاو" هەبوون (become)ی سووژەی خوێنەر و ناسکارە، دەبێ وەک ئاو بخشێیت و بجمێیت، ئاو لە سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت، ئایا سەرچاوە دەزانێت ئاو یان "خۆی" بەرەو کوێ دەخشێت و لە کام ئاڕاستە لادەدات و دەوەستێ؟ ئایا "ئاو" دەوەستێ؟ پێموایە "ئاو" هەڵگری شتێکی جەوهەری و زاتی بێت کە من لە سەرەتادا وەکوو ئاوەڵناو دامە پاڵی سەفەر واتە "نادیار"... دەشێت سەفەری نادیار دەربڕینێکی مەجازی بێت بۆ "ئاو" و ئاو میتافۆرێک بێت بۆ ڕۆشتن و نەوەستان و سەفەری نادیار... بۆیە دەبێ لێرەدا رستەکەی هیراکلیتۆس بە بیر بێنینەوە کە ئێمە هیچ کات ناتوانین دوو جار پێ بخەینە ناو رووبارێکەوە، چوونکە ئاوەکە بەردەوام دەڕوات، ئەو ئاوەی کە پێ دەخەینە ناوی و لە چرکەی یەکەمدا بەری پێمان دەکەوێت و هەستی پێدەکەین، جیایە لە نیوەی نیو چرکە پاش ئەو ئاوەی کە هەستی پێدەکەین لە هەمان رووباردا، بەڵام بەو مەرجەی نەڵێین "بابا یێب داد"، واتە هەندێک بە "خود"ێکی ئاگا و وشیارەوە تێکەڵی ئاو بین، دوور لە دیسیپلینی باو و پەروەردەی زاڵ بەڵکوو ئاوی هیچ باوکێک تێکەڵمان نەبێ و ڕێگەی سەفەر لار و خوار نەکرێتەوە... باوک سەفەرکردنە بە هەرێمی "دیار"دا. پێچەوانەی ئاوبوون کە سەفەرکردنە بە نادیاردا. بۆیە دەق دونیا و بوونە و باوک ژیانێ بۆ ئاخیرەت!

### 2 – خوێندنەوەی والا

ئەگەر خوێندنەوە پرۆسێسێکی بەردەوام بێت و سێ گۆشەی زێڕینی هەبێ (هەڵبەت ئەگەر بە روانینێکی غەیری فۆکۆیی چاوی لێبکەین و دەق لە ژێر هەژموون و هەیمەنەی هەر چەشنە دەسەڵاتێک نەبینینەوە) ئەوا ئەم گۆشانە بریتین لە: 1- دەق (text). 2- خوێنەر (reader). 3- ژێردەق (con-text). ئەم سێ گۆشەیە، سێگۆشەیەکی لاهاوسان پێکدێنن و مانا لە فۆرمێکی بزۆزدا بەرهەم دێنن کە دەشێت لەژێر ناوی "مانای من" ، واتە مانای کەسێک کە دەیخوێنێتەوە، پێناسە بکرێت. واتە مانا ئاماژەیەکی خوازەییە بۆ ئەو پرۆسێسە کە لە چەقی "بوون"ی من (I) دا ڕوودەدات. دەشێت مانا، دەق تێپەڕێنێت، سپی خوێنی بکات، سوور خوێنی، خوێن خوێنی و... بگاتە ئەو ئاستەی کە وەکوو دریدا دەڵێت: رەسەنایەتی بگەڕێنێتەوە بۆ چەشنێک گۆتەوەری\ (Phonocentrism) و ئاخاوتن، کە ڕاستەقینە و کاکڵی دەق دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دەربڕینە زارەکییەی ئێستە بووە بە نووسین و دەقەکی بووەتەوە. واتە دەربڕینی یەکەم رستەی تەورات "سەرەتا وشە بوو" هەمان واتا نادات کە ئێمە دەشێت هەر راڤە و تەئویلێکی بۆ بکەین، چوون گادامێر گوتەنی نووسین نەریتە 2 و نەریتیش ئەگەرچی یەکێکە لە گریمانە دانراوەکانی خوێندنەوەی دەق و جیهان، بەڵام ئەمە دریدایە بە پێکهاتەشکێنی هەموو نۆرمەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و دەگاتە خۆئاگاییەکی هیرمنۆتیکی تایبەت کە تێیدا پێگەیەکی ماناتەوەرانە بۆ خواست و خەونە لۆگۆسییەکانی مرۆڤ بە گشتی باس دەکات و لە قەوارەی چەمکی لۆگۆسەنتریزم (Logocentrism)3 دا دەیگێڕێتەوە.

### 3 – پێکهاتەشکێنی(deconstruction)(4 و ماناتەوەری

پێکهات ئەو قەوارە و هەرێمەیە کە تەنانەت لە بیردۆزی پێکهاتەخوازیشدا لەخۆگری چەشنێک لە گریمانە بۆ ناوەندی مانا بوو، ئەم ناوەندە دەسەڵاتی بەسەر پێکهاتدا هەیە، بەڵام کەمتر پێکهاتی خودی ئەم ناوەندە شیکراوەتەوە (ئەمە خاڵی پەرینەوەیە لە پێکهاتەخوازییەوە بەرەو پێکهاتشکێنی و هەڵگری ئەم تێگەیشتنەشە کە پێکهاتەخوازی خۆی لە خۆیدا تۆو و گەرای پێکهاتەشکێنی هەڵگرتووە)، خواست و ئارەزوو (de-sire)ی ئێمە بۆ داسەکنان لە ناوەندێکدا ئەوەیە کە ئەم حاڵەتە چەشنێک ئامادەیی لە بوون مان5 (be-ing as presence) بۆ دەستەبەر دەکات. بە باوەڕی دریدا پێکهات چەمکێکە دەبێتە لەمپەر لەبەردەم کایەی مانا لە دەقدا و دەق دەکات بە سیستەمێکی پێناسەکراو و داخراو، کەواتە پێکهاتەشکێنی هەر توخم و رەگەزێکی پێشینی و پێدراو رەت دەکاتەوە و دەیەوێت بڵێت کە هیچ چەشنە پێکهاتێکی داڕێژراو بەسەر دەقدا زاڵ نییە و دەق لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە دژایەتیکردن و پرۆسەی رەت و ئینکاری "خود"ی دەق تێیدا ڕوودەدات. ئەم تایبەتمەندییەی دەق دەبێتە هۆی گەرەنتیبوون و دەرکەوتنی را جیاوازەکان لەهەمبەر دەنگە دیکتاتۆرییەکان و هەروەها رەسەنایەتی بەخشین بە رەخنەکردن و خوێندنەوە لە هەمبەر بەندەگی و ملکەچی و، جیاوازی و جیاوازتربوون لەهەمبەر هاوچەشنسازی و رۆبۆتبوون دادەنێت، بۆیە بەگشتی چەشنێکە لە گومانخوازیی گشتی و لای هابرماس ئەم شێوازەی رووبەڕووبوونە لەگەڵ دەق کە هەڵگری کراوەیی و خۆشکێنی و خۆئیرجاعی و رێژەمەندییە، لە ژێرناوی "هیرمنۆتیکی گومان"6 خۆی دەردەخات، ئەگەرچی هابرماس خۆی بە بیرمەندێکی هیرمنۆتیکی نەزانیبێت!

### 4 – دەق لە نێوان ئەفسانەی بزۆزیی مانا و حەقیقەتی زانست و هەوەسی ونبووندا

ئەلف- دەگێڕنەوە کە 700 ساڵ لەمەوپێش راهیبێک پاش بینینی تاریکی (7 darkness) پێوەندی خۆی لەگەڵ دونیا بەتەواوەتی دەپچڕێنێ و پاش چەندین سەدە رابووەوە و سەری هەڵدایەوە و لەگەڵ کتێبێک (دەق) بوو بەیەک! هەموو لەشی خۆی کرد بە پەڕە و لاپەڕە و کتێبێکی نووسی کە بە کتێبی نەفرەتکراوان ناوبانگی دەرکرد، هەنووکەش ئێمە بەدوای تێگەیشتن لە مانا و سەرهەڵدان و دەق و ژێر دەق و پێکهات و ناپێکهاتەکانیداین! ئەم کتێبە بە خوێن و گۆشتی راهیبەیەکی گومڕا نووسراوە، پاش فامکردن و ناسینی تاریکی... ئەم دەقە ترسناکە...

ب- بۆیە دەڵێم: لای ئێوە هەوەسێک ئامادەیە بۆ خراوترین و مەترسیدارترین چەشنی ژیان کە ئەمە زۆرتر لەهەر شتێک من دەترسێنێ؛ هەوەس و چڵێسییەک بۆ ژیانی گیانلەبەرە درندەکان؛ بۆ دارستان و ئەشکەوت و کێوە سەرەولێژەکان و سەردابە توێ توێ و پێچەڵپێچەکان و، ئەوەی کە زۆرتر مایەی سوکنایی ئێوەیە ئەو شتانە نین کە لە گێژەنی مەترسی وەدەرتان دەنێت، بەڵکوو ئەو شتانەیە کە ئێوە لە ڕێگە بەرەو لاڕێگە دەبات، یانی مایەکانی گومڕایی...بەڵام ئەگەر وەها حەوسەڵەیەک لای ئێوەمانان ڕاستەقینە و واقیعی بن، بەهەموو ئەمانەشەوە بەبڕوای من شتێکی مەحاڵ و نەکردەیە، چوون "ترس" هەستی بنەڕەتی و بنەمایی بەشەرە، ترسە کە مانای گوناهی یەکەمین و چاکەی یەکەمین روون دەکاتەوە، لە دڵ و هەناوی ترسە کە "چاک"یی من پشکوتووە، هەر ئەوەی کە ناوی "زانست"ە.

وەهای گوت پیاوی بەویژدان 8.

### 5 – نووری جیهان

عیسا: من نووری جیهانم، هەر کەس شوێن من بکەوێت، لە تاریکیدا نامێنێتەوە، چوون نووری ژیانبەخش رێگاکەی روون دەکاتەوە.

فەریسییەکان گوتیان: تۆ بە خۆتدا هەڵدەڵێی، تۆ مەدحی خۆت دەکەیت، تۆ درۆ دەکەی 9.

### 6 – مونتاژی ئەدەبی

شێوازی ئەم کارە؛ مونتاژی ئەدەبییە. من هیچم نییە بیڵێم، تەنیا هەندێ شت پیشان دەدەم، نامەوێت دەربڕینی لێوڕێژ لە رۆحانییەت بهێنمە بەرهەم و نەشتوانم لەشتێکی پڕبایەخدا بەکاریان بهێنم. بەپێچەوانەوە من شتی توورڕدراو و زبڵ ئاسام لەلایە: نامەوێ ئەوانەش وەسف بکەم، بەڵکوو دەمەوێ بیانهێنمە پێش چاو.

دەبێت ئەم کارە تا ئەوپەڕی ئیمکان سوود لە هونەری وەرگرتن ببینێت، بە بێ ئەوەی کەوانە بچووک بکاتەوە، تیۆرییەکەشی زۆر نزیکە لە تیۆری هونەری مونتاژکردنەوە.

قسەکردن لەسەر کتێبی سرووشت ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت واقیع وەکوو تێکست بخوێنێتەوە.

واڵتەر بنیامین، کتێبی بازاڕەکان10

### 7 – من:

من دەمگوت: ((ئاە نەسرەدینی بۆنخۆشی برام، من شێتی دۆزینەوەی حیکمەتەکانی وێرانبوون نیم، من گەرەکمە شتەکان، حەقیقەتە پارچەپارچەکان، وێنەکانی ئەو سەردەمە لەیەک ترازاوە بەیەکەوە بنێمەوە، تا بتوانم لەخۆم و لە مەرگی پەروانە تێبگەم، تا بتوانم نیگارێک وەکوو ئەو نیگارانە دروست بکەمەوە کە تۆ بە دیواری ئەو ستۆدیۆیەدا هەڵتواسیون)).

ئەو بە گومانی وێنەگرێکەوە کە لە هیچ نیگارێکی نارێک و تەڵخ رازی نییە، دەیگوت: ((تازە هەر وێنەیەک دروست بکەین، وێنەیەکی خەیاڵی خۆمانە، وێنەیەکە پێوەندی بە فانتازیاکانی من و تۆوە هەیە، بەڵام ئەو جیهانە ئێستا هەمووی وەکوو سەراب و تۆز وایە... تێمبگە حەقیقەت نازکە، کە بوو بە تۆز، بە غوبار، بە تەم، ئیدی کۆناکرێتەوە...))"11

بەختیار عەلی، ئێوارەی پەروانە"

تێمبگە من حەقیقەتم ناوێ، حەقیقەت لەوە قورسترە من بەرگەی بگرم، حەقیقەت شەیتانێکی قیدیسە، فێری خوێن و کوشتنە...هاهاهاها...بوون گاڵتە بوو... حەقیقەت تاکەکەسییە...دوورگەیەکە کە جۆن لۆک و هۆبز و دەیڤید هیوم و ...هەر یەک بە قاچ و لووتی خۆیان تێیدا ون دەبن... تێیدا سەفەر دەکەن... بە داخەوە کە دەگەنەوە کڵێسەیەک!12


**ژێدەر و پەراوێزەکان:**

**1- رامان سلدن، پیتر قیدسون ترجمە عباس مخبر، نظریەهای پساساختارگرا ص 184**

**2- هانس گئورگ گادامر، هرمنوتیک مدرن، همگانیت مسئلەی هرمنوتیک ص99**

**3- سەرچاوەی 1 لاپەڕە 183**

**4- پێکهاتەشکێنی یان واسازی لەو وشە دووپاڵ و دوولایەنانەیە کە لە زمانی فارسیدا دوای ئەزموونێکی وەرگێڕانی فەلسەفی و مشتومڕی نێوان رۆشنبیران وەکوو هاوتای deconstruction دانراوە و چرووپڕ واتاکەی دەپێکێت، لە سەرەتادا ئەم زاراوەیە تەنها واتای هەڵوەشاندنەوە و "ساختارشکنی"بوو، بەڵام دواتر دەرکەوت کە واتاکەی ئەوەیە ئێمە پێکهاتێک دەشکێنین هاوکات لەگەڵ ئەو شکاندنەش پێکهاتێک رۆ دەنێین و واسازی کە وشەیەکی کۆنی پارسییە و تەنها فارسیش نییە! بەو واتایە دێت دەکرێت ئێمەش کەڵکی لێوەربگرین، واسازی واتە شکاندنێکی رۆنەرانە!**

**5- رامان سلدن، پیتر قیدسون ترجمە عباس مخبر، نظریەهای پساساختارگرا، ژاک دریدا، ساخت شکنی ص182**

**6- آنتونی کربای، درآمدی بر هرمنوتیک، هرمنوتیک مدرن، ص17**

**7- لە ئەفسانەکانی یۆنانی کەونارادا وا هاتووە کە خودای خودایان... ئەوەی وا هەموو کائیناتی خولقاند خۆی نوورە... تیشکی رەهایە... بەڵام بە خولقانی خۆی هاواز و هاوبوونێکیشی بە ناوی "تاریکی" بۆ پەیدا دەبێت کە دواتر لە ئەفسانەکاندا وەکوو خوشکی خودا ناوی دەبەن، خودا بۆ ماوەی میلیۆنان ساڵ بەند و زیندانی دەکات چوون تاریکیش بە رادەی خودا (نوور) بە هێز بوو، نوور دەسپێشخەریی کردبوو، توانیبووی سەرەتا پێبەست و قۆڵبەندی بکات و لە زیندانی بخات، بەڵام پاش ماوەیەکی درێژ بە هۆی گوناهێکی گەورەی مرۆڤ کە وەکوو خواست و ئارەزوویەکی شێتانە بۆ خۆشویستن دەچوو... ئازاد دەبێت.. تاریکی لێرەدا مێیە و ئارەزووی مرۆڤە بۆ نادیار و نەناسراو و نەبینراوەکان... ئارەزووی مرۆڤە بۆ ئۆدیسە و رۆچوون بە ناو دەقدا... وەکوو راهیبێکی زەندیق.**

**8- فریدریش نیچە، ترجمە داریوش آشوری،چنین گفت زردشت، ص320-319**

**9- انجیل عیسی مسیح عهد جدید ص289**

**10-، دونیای شتە بچووکەکان ل5 ڕێبوار سیوەیلی**

**11-بەختیار عەلی، ئێوارەی پەروانە**

**12-ئاماژەیە بە زنجیرە درامای ونبوو یان ونبووەکان (Lost) کە لە لایەن سێ دەرهێنەری بە توانای ئەمریکایی جیفری لەبێر، جەی جەی ئابرامز و دیمۆن لیندیلۆف دروست کراوە و لە شەش سیزن پێکهاتووە. ئەم زنجیرەیە یەکێک بوو لە باسهەڵگیرسێنەرترینی ئەو درامایانە کە بەچەندین داهێنان لە وێنەگرتن و رەوایەت و رابردوونوێنی (Flashback) چەندین تێمی فەلسەفی و وجوودی و میتافیزیکی بەشێوەی هونەری گێڕاوەتەوە و ناوی چەندین فەیلەسووف و بیرمەند و فیزیکزانیشی تێدایە کە هەر کام هێمای چەشنە بیرکردنەوەیەکن لە جیهانێک بە ناوی "دوورگە"، کەسێک ئەو درامایەی بینیبێ لەم باسەی منیش بە ئاسانی و قووڵی تێدەگات.**




وێنەی کتومتی شتێک، بەڵکو بریتییە لە بەدەنگکردنی شتێک. وێنە بریتییە لە خودی شتەکە وەک ئەوەی هەیە، لەکاتێکدا نووسین کردەیەکە بۆ بەدەنگکردنی ئایدیای شتەکان. لە زمانی گریکیدا وشەی ئایدیا بەمانای بیرۆکە دێت، بەڵام وشەی ئایدۆس بەمانای تەماشایەکی چەقبەستوو لەسەر شتێک. لێرەوەیە فەلسەفە مەشقی خۆی کردووە، ئایدیای سروشت و گەردوون و جیهانی بەنووسین هێناوەتە دەنگ، پیتەر سلۆتەردایک وای دەبینێت کە ئیشی بیرکەرەوە و ئیشی نیگارکێش و وێنەگر سەربەیەکترین، هەر بۆیە ئەگەر مرۆڤی کۆن لەسەر بەرد نووسین و تابلۆی هەڵکۆڵیبێت، ئەمڕۆ لەسەر شاشە ئەوە دەکات. سلۆتەردایک لە وانەیەکیدا باسی ئەوە دەکات کە تەنانەت مۆمیا فیرعەونییەکانیش بریتی بوون لە جۆرێک لە وێنەگرتن لە مانا هاوچەرخەکەیدا.

بەڵام بینین هەر ئەوە نییە شتە دیار و

**تەنانەت مۆمیا فیرعەونییەکانیش بریتی بوون لە جۆرێک لە وێنەگرتن لە مانا هاوچەرخەکەیدا**

ئاشکراکان ببینێت، بەڵکو وەکو هایدیگەر دەڵێت، بینین دەبێت شتە شاراوە و پەنهانەکان ببینێت و بیانکاتە بینراو.

لەو ساتەوەختەی کە تەلەفزیۆن و کامێرا ئیتر بەشێوەیەکی بەربلاو لە ئەوروپا پەرەدەسێنێ، هایدیگەر ئەو رووداوە جیهانییە لێکدەداتەوە و وەکو سەردەمی وێنەی جیهان پێناسی دەکات. بۆیە ئەو وێنانەی سەبارەت بە زەوی و هەسارەکان هەن نهێنی زۆر ئاشکرا دەکەن بۆ توێژینەوە زانستییەکانیش. وەکو ئەوەی هایدیگەر جارێک سواری فرۆکە بووبێت و لەئاسمانەوە تەماشای زەوی کردبێت، وا بە چاوێکی فەلسەفی قووڵەوە وێنەیەکی فۆتۆگرافی زەوی بەکامێرا فەلسەفییەکەی بۆ گرتبێتین. "ڕووداوی بنەڕەتییانەی سەردەمی نوێ، بریتییە لە واڵاکردنەوە و داگیرکردنی جیهان وەکو وێنە" هایدیگەر.

لێرەوەیە ماشینەکان، کامێراکان پەیوەندییەکانی بینینی مرۆڤیان قڵپ کردووەتەوە، بەر لە سەرهەڵدانی کامێرا، زەوی بریتی بوو لە ڕووبەرێکی داپۆشراو. سەرهەڵدانی وێنە و بەرفراوانکردنی لەناو دەزگا ئینفۆرماسیۆنییەکاندا وای کردووە بوارەکانی تر بۆ خۆی قۆرخ بکات، فیلۆسۆفی ناودار ڤیلەم فلوسەر، وەک هایدیگەرییەک، کە هەوڵی چڕی لەو بوارەدا داوە، تێبینی ئەوەی کردووە کە چیتر ئەمڕۆ سیاسییەکان فەرمانڕەوا نین، بەڵکو ئەو ئینفۆرماتیکەرانەن کە پرۆگرامەکان دادەڕێژن. چونکە وێنە لە میدیاکاندا پەیام و پروپاگەندە و ئایدیۆلۆگیا دەگوازێتەوە.

بەپێی ئاگامبێن، ئەوەی دەرنەکەوێت وێنە نییە، ئاگامبێن وەها پێناسەی وێنە دەکات: وێنە بریتییە لە بوونێک، بەپێی سروشتی خۆی، دەبێت خۆی پیشان بدات و دەربکەوێت. لەڕاستیشدا هەر وایە چونکە چییەتی وێنە، بەپێی هایدیگەریش، هەر لەناو دەرکەوتنەکەیدایە. بۆیە وێنە ڕووبەرێکە دەردەکەوێت بۆ بینین، بەبێ ڕوودانی بینین شتێک نییە ناوی وێنە بێت. نەک وێنە فیزیکی و بەرجەستەکان، بەڵکو تەنانەت وێنە

**ئەوەی وێنەیەک دەتوانێت بەسادەیی مانا قووڵەکانی شێوازی لەنێو-جیهاندا-بوونی مرۆیی بخاتە ڕوو، نە فەلسەفە، نە شیعر پێی ناکرێت**

خەیاڵی و ئەندیشەییەکانی ناو هزریشمان کە وێنایان دەکەین لە پرۆسێسێکی خەیاڵئامێزانەدا، ئێمە دەیخەینە نێو چوارچێوەیەکەوە لەناو خەیاڵدانماندا و بەمە دەبێتە وێنەیەکی زهنی. وێنە لەخۆیدا بیرۆکەیەکی بینینئاراییە، هەر بۆیە ئاسۆی بیرکردنەوەمان بەرفراوانتر دەکات.

### وێنە و هونەر

ئەگەر هەموو وێنەیەک گێڕانەوەی چیرۆکێک، یان گەیاندنی پەیامێک بێت، ئەوا ئەرکی هونەر ئەوەیە وێنەکان دەربخات. هونەر لێرەدا مامەڵەیەکی جۆرایەتی لەگەڵ وێنەدا دەکات. بەنموونە، مەرج نییە هەموو وێنەیەک خودی ڕووداوەکە، دیمەنەکە کتومت وەکو هەقیقەتێک بگەیەنێت، بەڵکو دەتوانێت دەستکاری ڕاستییەکانیش بکات. ئێمە ڕۆژانە وێنە دەبینین بەجۆرێک زێدەڕەوی تێداکراوە کە ڕەنگە هەموو گومانێکمان سەبارەت بەڕاستەقینەیی ڕووداوەکە لا بوروژێنێت. وێنەی بۆمبێک بەر شارێک کەوتووە و دووکەڵ و ئاگرێکی زۆری لێ بەرزبووەتەوە، ئەگەر قەبەیی ئاگرەکەش ڕاست نەبێت، بەڵام چونکە تەقینەوەی بۆمباکە ڕوویداوە و فۆتۆگرافەرەکە تەنیا دەستکاری تێدا کردووە، ئەوا وێنەکە ڕاستیمان پیشان دەدات. وەک بۆریس گرۆیس لە وانەیەکیدا ئاماژەی پێدەدات، ئەمە پەیوەندی بە ڕیتۆریکی ڤیزوئێلی وێنەکەوە هەیە، نەک بەناوەڕۆکی هەقیقەتەوە. وێنەگرەکە وێنەکەی تەنیا دراماتیکیتر کردووە. چونکە وەک چۆن نووسین زێدەڕۆییە بە ڕیال و بە ئایدیاوە، وێنەگرتنیش زێدەڕۆییە بە دیمەنەوە.

ئێمەش لە جیهانی ئەمڕۆدا کە میدیا مۆنۆپۆلی ورد و درشتی کێشەکانی ژیانی کردووین، میدیاش سەروکاری لەگەڵ ڕاستیدا نییە لە هیچ بارێکدا، بەڵکو پتر دەرگیری بیروڕاکانە. بۆیە هیچ وێنەیەک نابێتە شوناسی دروستی دیمەنەکە، بەڵکو هەمیشە وێنە و دیمەن لێکجیاوازییان تێدایە. وێنە بۆ ئەوە دەگیرێت کە دیمەنەکە بگۆڕێت بۆ جۆرێک لە ئیستاتیکا یان بۆ جۆرێک لە زانین یان زانست.

هیچ سەردەمێک وەک ئەم ڕۆژگارە بایەخی وێنەی بەرز ڕانەگرتووە. وێنە لەمڕۆدا بووەتە بەشێکی گرنگی جیهانیژیانی مێدیاییانەی هەموو تاکێک، بێهۆ نییە ئەوەی بیر لە کڕینی تەلەفۆنێکی مۆبایل دەکاتەوە، سەرەتا بیر لە هێز و توانای کامێراکەی دەکاتەوە.

### شاعیر و ڕۆماننووس ماردین ئیبراهیم:

# «کەلیلە و دیمنە» منی بە لای کتێب و نووسیندا ڕاکێشا

ماڵپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، هاوکات بەردەوام بە دوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری زۆر ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بە دوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویستترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕوئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵە، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن. لە چوارەمین گفتوگۆماندا، ماردین ئیبراهیم، شاعیر و ڕۆماننووس وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتووری ڕووداو**



**ڕووداو: ڕێک ئێستا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** ئێستا لەم کاتەدا کتێبێکی نووسەری ئیسرائیلی 'یوڤال نوح هەراری' دەخوێنمەوە بەناوی 'ساپیەنس: کورتەی مێژووی مرۆڤ'. ئەم کتێبە یەکێکە لە زنجیرەی سێ کتێب کە نووسەری هەڵکەوتووی ئیسرائیلی تیایدا باسی مێژووی مرۆڤ و پەیدابوون و گەشەکردنی و گەیشتنی بەمرۆ و پەیدابوونی هۆشیاریی مرۆڤ و پەرەسەندنی ئەو هۆشیارییە دەکات. ئەم کتێبە زۆرتر شیکاری مێژووە و بەڕای من کتێبێکی گرنگ و ئینسایکلۆپیدییە و توانای ئەوەی هەیە دەستکاریی زۆر لە تێڕوانینەکانمان بکات لەسەر زەوی، مرۆڤ، ئیمپراتۆریا و ئایین و زانست. هەراری لەم کتێبەدا توانیویەتی پەیوەندییەکی لۆجیکی لە نێوان هەموو ئەو ڕووداوانەدا درووست بکات کە ڕوویانداوە و لە زەینی خوێنەرانیدا وێنەیەکی گشتی سەبارەت بە ڕەوتی مێژوویی مرۆڤ و شارستانییەتەکان بخاتەڕوو.

**ڕووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**ماردین ئیبراهیم:** کتێبێک کە بووە هۆی ئەوەی ژیانی من بەم ڕێڕەوەدا بڕوات و منی بە لای کتێب و جیهانی نووسیندا ڕاکێشا چاپە کۆنەکەی 'کەلیلە و دیمنە' بوو، ئەو کاتەی منداڵ بووم ڕەنگە دەیان جار ئەو کتێبەم خوێندبێتەوە. ئەو کتێبە جادوویەکی تایبەتی هەبوو بۆ من و چیرۆک و توانای ئافرێنەرانەی خەیاڵی لەلا کەشف کردم. لەناو ئەو کتێبەدا ئاژەڵەکان و زیندەوەرەکانی تر قسە دەکەن، ئەوە بۆ من سیحرێکی سەیر بوو و بە دوای خۆیدا ڕایکێشام بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە تیایدا مرۆڤ لە جیهانی ئاسایی دەچێتە دەرەوە و بە دوای سەرکێشییەکانی خەیاڵ دەکەوێت.

> چارەڕەشیی گەورە ئەوەیە کەس خۆشی نەوێت

**ڕووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**

**ماردین ئیبراهیم:** بۆچوونی من وردە وردە و لەسەرخۆ گۆڕا. بیرم نییە تەنیا یەک کتێب بۆچوونی منی گۆڕیبێت. ئەو کتێبانە زۆرن کە بۆچوونی منیان گۆڕیوە، بەڵام هەر کتێبەی لەسەر بابەتێک. کتێب هەیە بۆچوونی منی لەسەر ئایین گۆڕیوە، هەیە لەسەر مارکسیزم، هەیە لەسەر سیاسەت، هەیە بۆچوونی منی لەسەر چێژی ئەدەبی و هونەری و ئیستاتیکا گۆڕیوە.

**ڕووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟**

**ماردین ئیبراهیم:** سەدساڵ تەنیایی گابریل گارسیا مارکیز و سوور و ڕەش ـی ستاندال.

**ڕووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** ئەوانەش هەر کتێبێک نین. بۆ بایەخدان بە جەنگ و ڕووداوەکانی ناوی کتێبەکەی ئیریش ماریا ڕیمارک 'بەرەی خۆرئاوا ئارامە'، بۆ بایەخدان بە مێژوو و بەرهەمهێنانەوەی لە دەقی ئەدەبیدا 'سەمەرقەند'ی ئەمین مەعلوف، بۆ هێزی خەیاڵ لە دروستکردنی ڕووداو و کاراکتەر چیرۆکەکانی ناو کتێبی 'هەزار و یەک شەو'.

**ڕووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** زۆر کتێب هەن منیان گریاندبێت، بەڵام ئەوانەی ئێستا لەبیرم بن 'چیرۆکی مەرگێکی جاڕدراو' ی مارکیز، 'ئێوارەی پەروانە'ی بەختیار عەلی، بە منداڵییش چیرۆکی 'کچۆڵەی شقارتەفرۆش' لە نووسینی 'هانس ئەندرسن' گریاندوومی و زۆریش خەمباری کردووم.

**ڕووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشیت؟**

**ماردین ئیبراهیم:** 'گوێ بگرە پیاوی بچووک'ی ویلیەم ڕایش.

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری دواتری فەڕەنسا فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پرۆست کردووە تا وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پرۆست کراوە، جارێکیان لە چواردە ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

> بەختیار عەلی شاعیری دڵخوازی منە

**ڕووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** کۆمەککردن بەو کەسانەی پێویستیان بە یارمەتیی ئێمە هەیە و دەتوانین کۆمەکیان بکەین، ئەگەر ناتوانین دڵگرانبوون بەوەی کە ناتوانین.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**ماردین ئیبراهیم:** تایبەتمەندیی باشیان هەیە؟ هههههە من بڕوام بە ناسنامەیەکی کۆنکرێت نییە بۆ ئینسان، تایبەتمەندییەکان سروشتێکی جیوەییان هەیە، لە سیاقێکەوە بۆ سیاقێکی تر دەگۆڕێن.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**ماردین ئیبراهیم:** هەمان ئەو وەڵامەی بۆ پیاوان دامەوە بۆ ژنانیش ڕاستە.

**ڕووداو: بەنرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**ماردین ئیبراهیم:** شانسم لە هاوڕێی باش هەیە. خۆنەویست و دڵسۆزن، زۆر تەحەمولم دەکەن، زۆرم لێ قبووڵ دەکەن.

**ڕووداو: حەزت لە چییە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** حەزم لەوەیە کێشەی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەم نەبێت، بۆم بلوێت هەموو کاتی خۆم بدەمە خوێندنەوە و نووسین. حەزم لێیە تەنیا ئەو شتانە بکەم کە خۆم حەزم لێیە بیانکەم.

**ڕووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**ماردین ئیبراهیم:** هیچ بەختەوەرییەک ئایدیاڵ نییە، هەمووی ڕێژەییە. لەم کاتەدا حەز دەکەم لەگەڵ کچەکەم بچم بۆ سینەما، یان بەیەکەوە سەفەرێک بکەین.

**ڕووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** چارەڕەشیی گەورە ئەوەیە کەس خۆشی نەوێت.

**ڕووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژی؟**

**ماردین ئیبراهیم:** حەز دەکەم هەتاهەتایە لە نێوان کوردستان و بەریتانیا لە هاتوچۆدا بم، ماوەیەک لێرە و ماوەیەک لەوێ بژیم.

**ڕووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** ڕەنگی شینی کاڵ. گوڵەباخ و نێرگز.

**ڕووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟**

**ماردین ئیبراهیم:** زۆر زۆرن بەڵام هەندێکیان دەنووسم: مارکیز، کۆندێرا، ستاندال، گینزبێرگ،

> حەزم لەوەیە بۆم بلوێت هەموو کاتی خۆم بدەمە خوێندنەوە و نووسین

> حەزم دەکرد سەدساڵ تەنیایی مارکیز و سوور و ڕەشی ستاندال من بمنووسینایە

ئیلیەت، سۆلجنستین، یۆسا، دوستۆیفسکی، ویل دۆرانت، فرۆید، یوڤال هەراری، ئۆسکار وایڵد.

**ڕووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** بەختیار عەلی.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** دۆن کیشۆت.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** ئیبراهیمخانمی ماکبێس لە شانۆگەری ماکبێسی شکسپێر. ئێلیزابێس بێنێت لە ڕۆمانی 'شانازی و لایەنداری یاخود شانازی و دەمارگیری' جەین ئۆستین.

**ڕووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**ماردین ئیبراهیم:** لە کورددا موجتەبای میرزادە، هەروەها ڕاڤی شانکاری هیندی. حەزم زۆر لە موزیکی کلاسیکی ئەورووپییە، وەکو کارڵ پۆپەر دەڵێت : 'هەتا کۆنتر بێت باشترە'.

**ڕووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**ماردین ئیبراهیم:** ڕامبرانت، دیلاکروا، سیلڤادۆر دالی، سالار مەجید لە کوردستان لەم دواییەش سوفیان جەلال.

**ڕووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** هەتا موزیکیتر بێت خۆشترە.

**ڕووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** ژاوەژاو، دەنگی بەرز، کاتکوشتن.

**ڕووداو: حەزت لێبوو چ تایبەتمەندییەکت هەبووایە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** بمتوانیایە ئامێرێکی موزیک بە باشی بژەنم.

**ڕووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**ماردین ئیبراهیم:** حەزم لێ نییە بمرم. بەڵام بە هێمنی بمریت و پێش مردنەکە ماوەیەک بێهۆش بێت خراپ نییە.

**ڕووداو: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** زۆر باشم، ئارامم.

**ڕووداو: درووشمی تۆ چییە؟**

**ماردین ئیبراهیم:** چێژ لەو جوانی و خۆشییانە ببینە کە ئێستا لەبەردەمتە، هیچ شتێک بۆ سبەی دوامەخە.

**ڕووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر بیبیتەوە بە نووسەر؟**

**ماردین ئیبراهیم:** هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە نووسەر بیت و سەودات لەگەڵ کتێب و وشە و خەیاڵدا بێت. هەزار چانسی ترم پێ بدرێت هەر ئەمەیان هەڵدەبژێرم.

---

## "چەکەکەی سەرت دابنێ بەرلەوەی چەکەکە سەرت دابنێت"

# وردەکاریی پرۆژەی "هەزار و یەک وێنە - هەزار و یەک وشە"ـی ڕێبوار سەعید



**ئا: ئەدەب و کولتوور**

هونەرمەند ڕێبوار سەعید نوێترین پرۆژەی هونەری بەناوی "هەزار و یەک وێنە- هەزار و یەک وشە: چەکەکەی سەرت دابنێ بەرلەوەی چەکەکە سەرت دابنێ" تەواو کردووە کە بریتییە لە پیشاندانی هەزار و یەک وێنە سەبارەت بە توندوتیژی و بەرگری لە ئاشتی و پێکەوەژیان.



پرۆژەکەی ئەو هونەرمەندە بریتی دەبێت لە هەزار و یەک وێنە کە بەنیازە یەکەم هەنگاو لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک نمایشیان بکات و ئامانجیش لێی ئاگادارکردنەوەی مرۆڤەکانە لەو توندوتیژییە زاڵەی لەناویاندا هەیە و بەرەودان بە کولتووری ئاشتی و لێبووردەیی.

ڕێبوار سەعید لەوبارەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: کۆنسێپتی پرۆژەکە لەسەر مەسەلەی توندوتیژییە، لەسەر ئەوەی کە زیهنییەت و بیری ئێمە پڕ بووە لە جبەخانەی شەڕ، زیهنییەتمان پڕ بووە لەو جەنگەی کە ڕێگرە لەبەردەم دروستکردنی کۆمۆنیکەیشن لەگەڵ ئەویتردا بە شێوەیەکی ئاشتییانە، هەمیشە لە ڕێگەی تیڤییەکان، یارییە منداڵانەکان، فیلم و یارییەکانی توندوتیژیی منداڵان بەر جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی دەکەوین کە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی ئێمە هەیە بە ئاراستەی توندوتیژی".

پرسیارەکەی ئەو لە پرۆژەکەدا ئەوەیە کاتێک ئەو چەکەی سەرمان دادەگرین دەتوانین ژیان ئارامتر بکەین، دەتوانین لێبووردەیی درووست بکەین، کە لێبووردەییش درووست بوو ژیان توندوتیژیی تێدا کەمتر دەبێت.

گوتیشی: "پرۆژەکەم هەزار و یەک کاری هونەرییە، سەرەتا بە هێڵکاری کراون، دواتر هێڵکارییەکان سکان کراون و لە ڕێگەی بەرنامەی فۆتۆشۆپەوە کراونەتە نیگەتیف، دواتر گواستوومەتەوە بۆ کاری چاپی دیجیتاڵی، بۆ پەیکەر کە لە ڕێگەی لەیزەرەوە بڕاون لەسەر پلاستیکی شەفاف کە بە ڕووناکی لە ژووری تاریکدا نمایش دەکرێت، بەشێکی کارەکانم ئامادە کراون بۆ چاپی گرافیک و کاری سیرامیک."

ڕێبوار سەعید لەدایکبووی ساڵی 1962ی شارۆچکەی تەوێڵەیە و ساڵی 1997 کۆلێژی هونەری لە لەندەن تەواو کردووە و ساڵی 1999 لە زانکۆی میدڵ سیکس بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوە.

"لەم پرۆژەیەدا دەمەوێت هەموو ئەو مەتریاڵانەی هەیە بیخەمە خزمەتی بیرۆکەی پرۆژەکەوە، کە هەر مەتریاڵێک بۆ خۆی کەسایەتی و گوزارشت و بەرکەوتەی خۆی هەیە، بۆیە دەمەوێت لە زۆرترین مەتریاڵدا هەمان بیرۆکە بگوازمەوە کە بتوانێت گوزارشت لە کۆنسێپتەکە بکات." ڕێبوار سەعید وای گوت.

پرۆژەکەی ئەو هونەرمەندە تەواو بووە و بەشێکیشی لە گەلەریی ئاڤێستا لە شاری مانی ئەڵمانیا نمایش کراوە و بڕیاریشە کۆی پرۆژەکە لە مانگی تشرینی یەکەم یان دووەمی ئەمساڵ لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک پێشکەش بکرێت.

ئەو هونەرمەندە گوتیشی: "هیوادارم ئەم پرۆژەیە بە زۆر وێستگەی دیکەدا بگەڕێت، چونکە پرۆژەکە و بیرۆکەکەی یونیڤێرساڵە و پەیوەندی بە هەر پنتێکی ئەم جیهانەوە هەیە کە توندوتیژی تێیدا پایەدارە، بۆیە باوەڕم بە پرۆژەکە هەیە کە دەتوانێت لە سەفەری بەردەوامدا بێت. من وێنەکانم کێشاون و چیرۆکەکان لای بینەرن، بۆیە دەکرێت بینەرێکی ئەڵمانی کاتێک تابلۆکە دەبینێت چیرۆکێکی توندوتیژی کە لەگەڵ ئەو کراوە لەناو کارەکەدا ببینێتەوە، لە کوردستان، ئێران، یان هەر وڵاتێکی تر بینەران دەبنە بەشێکی وەڵامدەرەوە و بەدیهێنانی چیرۆکێک کە بەسەر خۆیان هاتووە."

بەر لە کاتی پیشاندانی پرۆژەکە، هونەرمەند ڕێبوار سەعید پرۆژەکەی پیشانی چەند پرۆفیسۆرێکی ئەڵمانی داوە و ئەوانیش بۆچوونی خۆیان لەسەری داوە.

دکتۆر بینۆ لیهمان، لە زانکۆی هایدڵبێرگ سەبارەت بەم پرۆژەیە دەنووسێت: ڕێبوار سەعید کەڤاڵەکانی لە ئازاری مرۆڤایەتییەوە هەڵدەقوڵێت، پرسی جەنگ و کاولکارییەکان و مەترسیی بەکارهێنانی توندوتیژی دوای جەنگەکان بوونە هەوێنی کارێکی هونەریی سەرسوڕهێنەری ئەو.

پێشتریش ڕێبوار سەعید لەسەر پرسەکانی ئەنفال، هەڵەبجە، هاتنی داعش و چەندان پرسی تر پرۆژەی هونەریی گەورەی هەبووە.

"کاتێک چەکێک ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی مرۆڤ دەکرێت ڕوخسار ترسی لێ دەنیشێت، هێڵەکانی ناسینەوە و پێناسەکردن پێویستە زیندوو بن گەر وا نەبێت لە باری ڕاستی کەم دەکەنەوە. دووبارەکردنەوەی ڕوخسارەکان و کەشفکردنی بێهێزی و لاوازیی سۆزە کە ئەمەش لە ئەنجامی جەنگەوە دێتە بەرهەم. هونەرمەند سەرکەوتوو دەبێت کاتێک تەنها بە چەند هێڵێکی کەم هەستی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی بکێشێت، بنەماکان دەستنیشان بکات." د.بینۆ لیهمان وا دەڵێت.

ڕێبوار سەعید سەرۆکی ڕێکخراوی هونەریی ئارت ئین کۆمۆنە لە لەندەن، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی باڵندە بارانە لە فەڕەنسا، ئەندامی هەمیشەیی ڕێکخراوی کولتووریی میلیونیم ئەوەردە. خاوەنی خەڵاتی باشترین پرۆژەی هونەریی ماستەرە لە دانیشگای میدل سیکس لە لەندەن لە ساڵی 1999، خاوەنی بڕوانامەی باشترین پرۆژە سەرکەوتووەکانی میلیۆنیم ئەوەردە لە ساڵی 2003 لە بەریتانیا.

د.بینۆ لیهمان زیاتر دەشڵێت: "خەڵکی لەڕێی سۆزەوە بە یەک ئاشنا دەبن و یەکتر لە ئامێز دەگرن، ئەمە هیوایەک، ئاشتییەک بە ئایندە دەبەخشێت، ئەمە ڕاستییە و مرۆڤایەتی پێویستە تێیدا بژین، بەڵام مەخابن بەردەوام ئەم بەهایانە پێشێل دەکرێن، سەعید ترسی خۆیمان لە جەنگ پیشان دەدات بە ستایلێکی ئاسان، هاوکات ئەوە لەیاد ناکات کە شتێک نەهێڵێتەوە بۆ بینەر تا بیری لێ نەکاتەوە، ئەمە خواستی ئەوە و بۆ کاری باشە کە ئارەزووی سەرەتایی هەموو مرۆڤێکە، ئەویش ئاشتی و خۆشەویستییە."